# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە** ISSN: 2520-4106 http;//gov.krd/ka

# میتاگێڕانەوەی ناونیشان
# لە ڕۆمانی (کاولاش) و (سۆناتای ڕۆح)دا

م.ی. روناک صلاح علی
بەشی زمانی کوردی/ کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین
runak.ali@su.edu.krd

پ.ی.د. نجم خالد نجم الدين (ئەڵوەنی)
بەشی زمانی کوردی/ کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین
najim.najmaldin1@su.edu.krd

**پوختە:**

میتاگێڕانــەوە یەکێکــە لــە پێکهاتــە و تایبەتمەندییــەکانی چیــڕۆک و ڕۆمــانی پۆســتمۆدێرنیزم. میتاگێڕانــەوە لــە نــاو ڕۆمانــدا بــە چەنــد شــێواز و چەنــد فۆرمێــک دەردەکەوێــت و دەکرێــت لــە هەمــوو ئاســتەکانی دەقــدا وەک: ( ئاســتی پێــش دەق، ئاســتی دەق، ئاســتی دوای دەق) ڕەنــگ بداتــەوە. لــەم توێژینەوەیــەدا بــاسی (ناونیشــان) وەک یەکێــک لــە بەشــە پێکهێنــەرەکانی ئاســتی (پێــش دەق) دەکەیــن. ناونیشــان ناســنامەی هــەر دەقێکــە و وەک دەروازەیەکیــش بــۆ هــەر دەقێــک دادەنرێــت، بۆیــە پێویســتە بــە شــێوەیەکی هونــەری هەڵبژێردرێــت و نووســەر بەگشــتی و ڕۆماننــووس بەتایبــەتی، بــەوردی و ئاگاییــەوە مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم بەشــەی دەقــدا بــکات. (عەبدوڵــڵا ســەڕاج)ی ڕۆماننــووس یەکێکــە لــەو ڕۆماننووســانەی کــە لــە ڕۆمانەکانیــدا هونــەری میتاگێڕانــەوە ڕەنگــی داتــەوە، ئێمــە لــەم توێژینەوەیــەدا هــەوڵ دەدەیــن میتاگێڕانــەوە بــوونی ناونیشــانی لــە ڕۆمــانی (کاولاش) و (ســۆناتای ڕۆح)ی ڕۆماننــووس بخەینــە ڕوو، ئامــاژە بــەوەش بکەیــن کــە چــۆن میتاگێڕانــەوە لــە ناونیشــانی ئــەو دوو ڕۆمانــەدا ڕەنگــی داوەتــەوە.

کلیلەوشە: میتاگێڕانەوە، پۆستمۆدێرنیزم، ئاستی پێش دەق، ڕۆمانی کاولاش، ڕۆمانی سۆناتای ڕۆح.

**پێشەکی:**

ڕۆمـــان وەک ژانرێکـــی ئـــەدەبی لـــەکاتی ســـەرهەڵدانییەوە تاوەکـو ئێسـتا بەردەوامـە لـە گەشەسـەندن و بەرەوپێشـچووندا و ژانرێکـــی فرەڕەهەندییـــە و جیهانێـــک لـــە تەکنیـــک و ئیســـتاتیکای تێـدا بـەدی دەکرێـت. یەکێـک لـەو دیاردانـەی کـە لـە ئەنجامـی گەشەسـەندن و بەرەوپێشـچوونی ڕۆمانـدا، بەتایبـەتی لـە سـەدەی بیسـتەمدا سـەری هەڵـداوە دیـاردەی (میتاگێڕانەوە)یـە. یەکێـک لـەو چیرۆکنـووس و ڕۆماننووسـانەی کـورد، کـە لـە بەرهەمـەکانی سـوودی لـەم دیاردەیـە وەرگرتـووە (عەبدوڵڵا سـەڕاج)ە. میتاگێڕانـەوە لـە هەمـوو ئاسـتەکانی دەقـی ڕۆمانـــەکانی (کاولاش) و (ســـۆناتای ڕۆح) ڕەنگـــی داوەتـــەوە، ئێمـە لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ڕەنگدانـەوەی میتاگێڕانـەوە لـە (ناونیشـانی)ی ئـەم دوو ڕۆمانـەی (عەبدوڵـڵا سـەڕاج) بخەینـە ڕوو.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە**

ناونیشـان ڕەگەزێکـی زۆر گرنگـی بـواری گێڕانـەوەی ڕۆمانـە و پەیوەندییەکـــی ڕاســـتەوخۆی لەگـــەڵ نـــاوەڕۆک و تـــەواوی دەقـی ڕۆمانـدا هەیـە، بۆیـە ئێمـەش وەک دەقێکـی هاوتەریـب لـــە چوارچێـــوەی میتاگێڕانـــەوەدا ئـــەم توێژینەوەیەمـــان بـــۆ باسـکردنی ئـەم بابەتـە تەرخـان کـردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجـــمان خســـتنەڕووی تایبەتمەنـــدی و خەســـڵەتەکانی میتاگێڕانـــەوە و چۆنیەتیـــی ڕەنگدانەوەیـــەتی لـــە ناونیشـــانی ڕۆمانـــەکانی ســـنووری توێژینەوەکـــەدا.

**سنووری توێژینەوەکە**

ئـەم توێژینەوەمـان تایبـەت کـردووە بـە ڕۆمـانی (کاولاش) و (سـۆناتای ڕۆح) لـە ڕۆمانـەکانی (عەبدوڵـڵا سـەڕاج) و هەوڵـمان داوە ڕەنگدانـــەوەی میتاگێڕانـــەوە لـــە ناوونیشـــانی ئـــەم دوو ڕۆمانـــەدا بخەینـــە ڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لـــەم توێژینەوەیـــە لەســـەر بنەمـــای میتـــۆدی (وەســـفی ـــ شـیکاری) کار کـراوە. بـۆ چەمـک و جـۆرەکانی ناونیشـان سـوودمان لـە میتـۆدی وەسـفی وەرگرتـووە و بـۆ شـیکردنەوە و لێکدانـــەوەی ڕۆمانـــەکان ســـوودمان لـــە میتـــۆدی شـــیکاری وەرگرتـــووە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئـــەم توێژینەوەیـــە لـــە پێشـــەکییەک و ســـێ تـــەوەر پێـــک هاتـووە. لـە تـەوەری یەکـەم، چەمـک و زاراوەی میتاگێڕانـەوە خراوەتـە ڕوو. تـەوەری دووەم خـۆی لـە پێناسـەی ناونیشـان و جـــۆرەکانی ناونیشـــان دەبینێتـــەوە. لـــە تـــەوەری ســـێیەمدا، ڕەنگدانـــەوەی میتاگێڕانـــەوە لـــە ناونیشـــانی هـــەر دوو ڕۆمـــانی (کاولاش) و (سـۆناتای ڕۆح)ی (عەبدوڵـڵا سـەڕاج)دا خراوەتـە ڕوو. لـە کۆتاییشـدا بـە چەنـد ئەنجامێـک گەیشـتووین، کـە بـە خـاڵ ئاماژەمـان پـێ کـردوون، هەروەهـا لیسـتی سـەرچاوەکان و پوختەیـەک لـە توێژینەوەکـە بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی خراوەتـە ڕوو.

**تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی میتاگێڕانەوە:**

میتاگێڕانـــەوە لـــە زمـــانی فەرەنســـیدا زاراوەی (Métarécit) و لـە زمـانی ئینگلیزیـدا (meta narrative)ی بـۆ بـەکار هاتـووە. زاراوەی (meta narrative) لـــە دوو بـــەش پێـــک هاتـــووە، ئەوانیـــش: (meta) و (narrative)ن.

زاراوەی (meta) پێشـــگرێکە لـــە پێـــش هەندێـــک وشـــە دادەنرێـت و بەپێـی ئـەو وشـەیەی کـە دەخرێتـە سـەری وشـەیەکی تـازە دروسـت دەکات و واتاکـەی دەگۆڕێـت. (کاتی وایڵـز) ئامـاژە بـەوە دەکات کـە وشـەی (meta) "وشـەیەکی یۆنانییـــە بەواتـــای ئەودیـــو beyond، یـــان دوای after، یـــان لەگـەڵ along with، یـان لەسـەر above دێـت" (وایلـز، ٢٠١٤، ٤٣٢).

بـــەشی دووەمـــی زاراوەکـــە واتـــە وشـــەی (narrative) لـــە ڕووی زاراوەییـــەوە بـــە واتـــای "گێڕانـــەوەی ڕووداو، بەتایبـــەت لـــە ڕۆمانێکـــدا، چالاکـــی و کارامەیـــی وتنـــی چیرۆکێـــک" (Hornby,2004, 846) دەگەیەنێـت. کەواتـە هـەردوو زاراوەکـە پێکـــەوە زاراوەی (meta narrative) دروســـت دەکـــەن و لـــە ڕووی چەمکـەوە بـە واتـای سـەرووی گێڕانـەوە، بـەکار دێـت.

بەکارهێنـانی زاراوەی (Métarécit) لـە زمـانی فەرەنسـیدا بـۆ (ژێـرار ژنێـت) دەگەڕێتـەوە. "ژێـرار ژنێـت وەکـو تیۆرزانێکـی فەرەنسـی لـە دەیـەی شەسـتی سـەدەی بیسـتەمدا زاراوەی (Métarécit) بەکارهێنـاوە" (مەنتـک، ٢٠٢١، ٤٥١) و لـە کتێبـی

(گوتـاری گێڕانــەوە) کـە سـاڵی ١٩٩٧ بـڵاوی کردووەتــەوە لــە پەراوێــزی ژمـارە (٤١) دەڵێــت: "پێشــتر لــە کتێبەکەمــدا بەنـاوی (Figures II) لــە لاپــەڕە (٢٠٢) ئــەم زاراوەیــەم پێشـنیاز کـردووە" (Genette,1997,273) کـە ئـەم کتێبـە لـە سـاڵی ١٩٦٢ بـڵاو کراوەتـەوە.

لــە زمــانی ئینگلیزیــدا بەرانبــەر بــەم چەمکــە چەنــد زاراوەیــەک بــەکار هاتــووە. هەنــدێ لــە ڕەخنەگــران زاراوەی (Metanarrative) بـەکار دەهێنـن. بـۆ نموونـە (ئەمبرتـۆ ئیکـۆ) لــە کتێبــی (میکانیزمــەکانی نووســینی گێڕانــەوە) (إیکـو، 2009، 127) و هەروەهــا (جیراڵــد پرێنـــس) لــە کتێبــی (زاراوەکانی گێڕانەوە)(برنـس، 2003، 130) ئـەم زاراوەیـان بـەکار هێنـاوە.

میتاگێڕانــەوە بــەو ڕاســتییەوە تایبەتمەنــدە، کــە "لــە ڕێــگای خودئاگاییــەوە ئەنجــام دەدرێــت و ڕۆماننــووس لــە بەرهەمهێنــانی ڕۆمانەکەیــدا بەکاریدەهێنێــت" (یقطیــن، ٢٠١٢، ١٢٤) واتــە ڕۆماننــووس بــە هۆشـیاری و بــە ئاگاییــەوە بەرهەمەکــەی بەرهــەم دەهێنێــت. لێــرەدا مەبەســت لــەو ئاگایــی و هۆشــیارییە هــەر وەک (پاترشــیاوو) ئامــاژەی پــێ دەکات ئەوەیـە، کـە "نووسـەر وێـڕای دروسـتکردنی جیهانێکـی خەیاڵــی، لێــدوان ســەبارەت بــە داهێنــانی ئــەو جیهانــە خەیاڵییــە دەخاتــەڕو" )(پاترشـیاوو، ١٣٩٧، ٨-٩) ئەمــەش بــەو مەبەسـتەیە، کـە نووسـەر جیهانێکـی خەیاڵـی دەخوڵقێنێـت و بــە ئاگایــی و هۆشــیارییەوە ســەرنجی خوێنــەر بــۆ سروشــت و پێکهاتــەی جیهانــە خەیاڵییەکــەی خــۆی ڕادەکێشــێت.

یەکێـک لـە بەشـەکانی دەق کـە میتاگێڕانـەوەی تێـدا ڕەنـگ دەداتــەوە و ڕۆماننــووس دەتوانێــت بــۆ ئــەم مەبەســتە بــەکاری بهێنێــت (ناونیشــان)ە. لــە تــەوەری دووەمــدا بــاسی ناونیشــان و تایبەتمەندییــەکانی میتاگێڕانــەوە لــە هــەردوو ڕۆمانەکــەی (عەبدوڵـلا سـەڕاج)دا دەخەینـە ڕوو.

**تــەوەری دووەم: میتاگێڕانــەوەی ناونیشــان لــە تیــۆری ڕۆمانــدا:**

ناونیشــان یەکەمیــن خاڵــی پەیوەندیــی نێــوان نووســەر و خوێنــەر، یــان نێــرەر و وەرگــرە. بــەم واتایــە بــە بینیــن و خوێندنــەوەی ناونیشــان، یەکەمیــن چالاکیــی زەینــی خوێنــەر بەرانبــەر بــە دەق دەســت پــێ دەکات. "گەلێــک جـار ناونیشـان سـەرنجی خوێنـەر ڕادەکێشـێت و هەندێـک پێشــبینی لا دروســت دەکات، ئەگەرچــی دەکرێــت لـە پرۆسـەی خوێندنـەوەدا ئـەو پێشـبینیانە بـەدی نەیـەن و خوێنـەر بـەرەو ئاسـۆیەکی پێچەوانـە بـەرن" (ئەڵـوەنی، ٢٠١٢: ٣٢)، چونکــە ناونیشــان هەمــوو تایبەتمەنــدی و نیشــانەکانی دەق ناخاتـە ڕوو، تەنیـا لایەنێکـی ئاشـکرا دەکات و لایەنـەکانی دیکــە بــە شــاراوەیی دەهێڵێتــەوە و تەنیــا لــە ڕێگــەی خوێندنـەوە و شـۆڕبوونەوە بەنـاو دەقەکـەدا ئاشـکرا دەکرێـن. ناونیشــان لــە پێکهاتــەی هــەر دەقێکــی ئەدەبیــدا گرنگــی خـۆی هەیـە، لـە لایـەک ناونیشـان ناسـنامەی هـەر دەقێکـە، کـە بـە هۆیـەوە دەقێـک لـە دەقێکـی دیکـە جیـا دەکرێتـەوە و لــە هەمــان کاتیشــدا هــەر ناونیشــانێک هەڵگــری کۆمەڵێــک واتــا و دەلالــەتی تایبــەت بــە ناوەخنــی دەقەکەیــەتی.

سـەبارەت بـە ناسـاندنی ناونیشـان، چەندیـن پێناسـەی جیـاواز لــە لایــەن ڕەخنەگــران و توێژەرانــەوە پێشــکەش کــراوە، کــە هــەر یەکێکیــان هەڵگــری بۆچــوون و تێروانینــی تایبــەت بــە کەســەکانن. لــە توێــژەرە ڕۆژئاواییــەکان کــە بەشــدارییەکی بەرچاویـان هەبـووە لـە گرنگیدانیـان بـە ناونیشـان دەتوانیـن ئامــاژە بــە ( لیــۆ هــۆك، شــارل گریڤــل، ژیــرار ژنێــت ، ڕۆڵان بــارت و چەندیــن کەســی دیکە)بکەیــن.

(لیــۆ هــۆک)ی توێــژەر و ڕەخنەگــر ڕۆڵێکــی بەرچــاوی هەبــووە لــە بــە زانســتکردنی ناوونیشــان، بەتایبــەتی دوا بــە دوای بڵاوکــردنی کتێبــی (ســیمانتیکی ناونیشــان ـــ La marque du titre) لـە سـاڵی ١٩٧٣. (لیـۆ هـۆک) سـەبارەت بــە ناونیشــان دەڵێــت: "کۆمەڵێــک پەیوەندیــی زمانییــە، کــە دەکرێــت لەســەر دەقێــک دابندرێــن بــە مەبەســتی ناســینی، هەروەهــا ئاماژەدانــە بــە ناوەڕۆکێکــی گشــتی بــۆ ئــەوەی ســەرنجی خوێنەریــش ڕابکێشــێت" (أشـهبون، ٢٠١١: ١٧). بــە وردبوونــەوە لــەم پێناســەیە دەبینیــن لــە ناســاندنی ناونیشــاندا

گرنگـــی بـــە ســـێ لایـــەن دراوە ئەوانیـــش، ناســـینی دەق و ناوەڕۆکـــی دەق و سەرنجراکێشـــانی خوێنـــەر، و ئەمانـــە بـــە ئەرکـــی ناونیشـــان دانـــراون.

لـە لایەکـی دیکـەوە (شـارل گریڤـل) لـە ناسـاندنی ناونیشـانی دەقـــدا پێـــی وایـــە: "ناونیشـــان دەقێکـــی بچووککراوەیـــە و ئامانجـی هەوڵدانـە بـۆ دەرخسـتنی نهێنـی ئـەو دەربڕینـەی ڕۆماننـــووس دەریـــب ڕیـــوە، لـــە ئەنجامـــدا بەرهەمهێنـــانی سـوود گەیاندنـە بـە ڕۆماننـووس، واتـە ناونیشـان ڕادەگەینێـت و ڕۆمـــان شـــی دەکاتـــەوە" (أشـــهبون، ٢٠١١: ١٩)، لـــەم پێناسـەیەدا (شـارل گریڤـل) ناونیشـان بـە دەقێـک دادەنێـت، کـە ئامانجـی دەرخسـتنی ئـەو نهێنییەیـە ڕۆماننـووس لـە پشـتی ناونیشـان دەیشـارێتەوە، هەروەهـا ناونیشـان سـوود بـە ڕۆماننـــووس دەگەینێـــت، واتـــە زۆر ڕۆماننـــووس هەیـــە بەهـــۆی ناونیشـــانی ڕۆمانەکەیـــەوە ناوبانگـــی زیاتـــری پەیـــدا کـــردووە، بـــۆ نموونـــە کاتێـــک نـــاوی ڕۆماننـــووس (ڤیکتـــۆر هۆگـۆ) دەبیسـتین ڕاسـتەوخۆ نـاوی ڕۆمانـە بەناوبانگەکـەی (بێنەوایان)مـان بـە بیـر دێتـەوە، ئەمـە ئـەو سـوودەیە کـە ناونیشـان بـە ڕۆماننـووسی دەبەخشـێت. مەبەسـت لـە بـەشی کۆتاییـی پێناسـەکەی، کـە دەڵـێ: (ناونیشـان ڕادەگەینێـت و ڕۆمـان شـیدەکاتەوە) ئەوەیـە کـە ناونیشـان نـاوی ڕۆمانەکـە بـە خوێنـەر ڕادەگەینێـت و دەقـی ڕۆمانەکـەش مەبەسـتی ناونیشـانەکە بـۆ خوێنـەر شـی دەکاتـەوە.

(ڕۆلان بـــارت) پـــێ وایـــە "ناونیشـــانەکان بریتییـــن لـــە سیســـتەمێکی واتایـــی ســـیمانتیکی کـــە بەهـــای ڕەوشـــتی و کۆمەڵایـــەتی و ئایدۆلـــۆژی لەگـــەڵ خۆیانـــدا هەڵدەگـــرن" (الأحمـر، ٢٠١٠: ٢٢٦) بـەو واتایـە ناونیشـانی هـەر دەقێـک، کـە پێشـکەشی خوێنـەر دەکرێـت دەبێـت بەهـای ڕەوشـتی و کۆمەڵایـەتی و ئایدۆلۆژیایـی تێـدا ڕەچـاو بکرێـت. واتـە ناونیشـــانی دەق بـــە شـــێوەیەک بێـــت نەشـــیاو نەبێـــت و لەگـەڵ پرەنسـیپەکانی ئـەو کۆمەڵگەیـەی دەقەکـەی پێشـکەش دەکرێـــت بگونجێـــت، هەروەهـــا هەڵگـــری ئایدۆلۆژیـــا و بیرۆکەیـــەک بێـــت بـــە مەبەســـتی گەیانـــدنی بـــە خوێنـــەر و ڕۆشـــنبیرکردنی لـــەو ڕوانگەیـــەوە.

(نـــەوزاد ئەحمـــەد ئەســـوەد) ســـەبارەت بـــە ناونیشـــان، دەڵـێ: "ناوونیشـان دەقێکـی بچکۆڵـەی چڕکـراوی ڕسـتەیی پـڕ لـە ئیحایـە، کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە چۆنیـەتی خوێندنەوەکـەدا هەیـە، لـە ئاسـتی دەربڕینیشـدا پێکهاتەیەکـی زمانەوانییـە و لــە ســەرەوەی دەقــەوە ڕۆڵــی لــە خەملانــدنی بابــەت و شــەقلپێدانی تێمــەدا هەیــە، هــەوڵ دەدا کــۆد و هێــماکانی دەق بکاتـــەوە و (بینیـــن)ی نووســـەرەکە لـــە لای خوێنـــەر ڕۆشـــن بکاتـــەوە" (ئەســـوەد، ٢٠٠٦: ٧٤). کـە لـەم پێناسـەیە ورد دەبینـــەوە، دەبینیـــن ســـێ جەمســـەری (دەق و خوێنـــەر و نووســـەر) بەزەقـی ڕەنـگ دەداتـەوە، واتـە ناونیشـان بـە شـێوەیەکی زۆر تایبـەت، ئـەم سـێ جەمسـەرەی بەیەکـتر گـرێ داوە و پەیوەنـد و پەیوەسـتیان بـە یەکـترەوە کـردووە، بـە شـێوەیەک خوێنـەر لـە ڕێگـەی ناونیشـانی دەقەکـەوە ئاگاداریـی ناوەڕۆکـی دەقەکـە و مەبەسـت و بینینـی نووسـەر دەبێـت.

کاتێـــک خوێنـــەر بـــۆ یەکەمجـــار پەیوەندیـــی لەگـــەڵ دەقێـک دەبەسـتێت، یەکـەم وشـە و دەسـتەواژە، دەکەوێتـە بـەر دیـدی و سـەرنجی ڕادەکێشـێت ناونیشـانی دەقەکەیـە، واتـە ناونیشـان دەروازەی چوونـە نـاو دەقەکەیـە. هـەر لـە بـەر ئـەم هۆکارەیـە، ناونیشـان گرنگییەکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. ئـەم گرنگییـەش بـە ڕادەیەکـە، وەک (نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد) دەڵێـت: "ناونیشـان دەچوێنـم بـە (سـەر) ی (جەسـتە)یەک، چونکـە نـاوی (کەس)یـش لـە (سـەر)ەوە دەناسرێتـەوە، هـەر کـە نـاوی کەسـێکی دیاریکـراو دەبـرێ یەکەمجار (سـەر)ی ئـەو کەسـە دێتـە بـەر زەیـن، ئینجا لـەش و ڕەوشـت و مواسـەفاتی تـر. بـەم جـۆرە (سـەر/ ناونیشـان) و (مـل/ دەسـتپێک) و (جەسـتە/ مەتـن) دەبـن بـە پێکهاتەیەکـی هـاو گونجـاوی هـەر دەقێـک" (ئەسـوەد، ٢٠٠٦: ٧٣) .

ئـەوەی دەتوانیـن لـەم چەمکانـەی سـەرەوە بخەینـە ڕوو ئەوەیـە کـە ناونیشـان پەیوەندییەکـی نزیکـی بـەو دەقـە هەیـە کـە ئاراسـتەی خوێنـەری دەکات و لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، هــەر بۆیــە ناونیشــان لەســەرەوەی دەقــدا دەنووسرێــت، بــۆ ئــەوەی پــێ بناسرێتــەوە و لــە ڕێگەیــەوە بتوانێــت ســەرنجی خوێنــەر بــۆ خوێندنــەوەی دەقەکــە ڕابکێشــێت.

**جۆرەکانی ناونیشان:**

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ناونیشان لە لایەن توێژەرانەوە چەندین پۆلێنکردن و دابەشکردن ئەنجامد راون، بێگۆمان هەر پۆلینکردن و دابەشکردنێک لە چەند ڕوانگە و تێڕوانینی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە. (لیۆ هۆک) دوو جۆر ناونیشانی دیاری کردووە، کە ئەوانیش "ناونیشانی سەرەکی، کە مەبەست لێی هەموو ئەو ناونیشانەیە، لە بەشی یەکەمدا دێت، ئەوەی دوای ئەویش دێت ناونیشانی لاوەکییە"(بلعابد، ٢٠٠٨: ٦٧). بەم شێوەیە ناونیشانی دابەش کردووە بۆ ناونیشانی (سەرەکی و لاوەکی). لە لایەکی دیکەوە (کلۆد دوشی) سێ جۆری دیکەی ناونیشانی دەستنیشان کردووە، ئەوانیش "ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی ناوەندی و ناونیشانی لاوەکییە" (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٨: ٦٧). لێرەدا مەبەستی (کلۆد دوشی) لە ناونیشانی ناوەندی هەمان ناونیشانی دووەم یان ئەو ناونیشانانەیە کە لەسەر بەشی ڕۆمانێک، یان لەسەر شیعرێک دێت و مەبەستی لە ناونیشانی لاوەکی ناوی جۆری ئەدەبیی بەرهەمەکەیە. (ژیرار ژنێت) بە لەبەرچاوگرتنی دابەشکردنەکانی (لیۆ هۆک) و (کلۆد دوشی) جۆرە دابەشکردنێکی دیکە، بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:

١. ناونیشانی سەرەکی

٢. ناونیشانی لاوەکی: ئەو ناونیشانەیە، ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ناونیشانی سەرەکی دەکات.

٣. ناوی دیارخەری جۆری بەرهەم: وەک ئاماژەیەک بۆ دیارکردنی جۆری بەرهەمەکە دەردەکەوێت، واتە ئەو نووسینەی، کە لە ژێر ناونیشانەکەدا دەیدۆزینەوە. وەک: (ڕۆمان، چیرۆک، مێژوو، بیرەوەری و...تاد) (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٨: ٦٨) . ئەم دابەشکردنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، دەکرێ بگوترێ لە ڕوانگەی گرنگیی ناونیشان و ئەو بابەتانەی کە نووسەر مەبەستیەتی لە بەرهەمەکەی بیێتە جێگای سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، دابەش کراوە.

جۆرەکانی ناونیشان لە چەند ڕوانگەیەکی دیکەوە دابەش کراوە، بۆ نموونە لە ڕوانگەی شوێنی دەرکەوتنی ناونیشانەکانەوە دەتوانین ناونیشان دابەش بکەینە سەر ناونیشانی (دەرەکی و ناوەکی). مەبەست لە ناونیشانی دەرەکی: "ئەو ناونیشانانەن کە لە سەرەوەی بەرگی کتێبەکە دەردەکەون بە دەستنیشانکردنێکی دیار لە ڕووی جۆری نووسین و ڕەنگەوە دەنووسرێتەوە" (حمداوی، 2016: 13). لە بەرانبەریدا مەبەست لە ناونیشانی ناوەکی ئەو ناونیشانەیە: "لە ناونیشانی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمەش ناونیشانی بەشەکان و بڕگەکانی هەر بەرهەمێکە، کە بە ڕێکوپێکی دەقەکان جیادەکاتەوە" (حمداوی، ٢٠١٦:١٣) بەم شێوەیە (ناونیشانی دەرەکی) هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی بەرهەمەکە و لەسەر بەرگی سەرەتا و کۆتایی بەرهەمەکە دەردەکەون. (ناونیشانی ناوەکی)یش، ئەو ناونیشانانە دەگرێتە خۆی، کە دەکەونە دیوی ناوەوەی بەرهەمەکە، وەک ناونیشانی هەر بەشێک لە ڕۆمانێک، یان ناونیشانی هەر هۆنراوەیەک کە لە سەرەتای بەشەکە، یان هۆنراوەکە دێت.


بێجگە لەم دابەشکردنانەی لەسەرەوە باسمان کردن، چەندین دابەشکردنی دیکە لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەیە وەک جۆرەکانی ناونیشان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بۆ نموونە مەبەستی نووسەر لە هەر بەرهەمێک جەختکردن و تیشکخستنە سەر چ بابەتێک بێت ئەو ناوەڕۆکە وەک ناونیشانی بەرهەمەکەی هەڵدەبژێرێت، بۆ نموونە لە ڕۆماندا ڕۆماننووس ئەگەر مەبەستی جەختکردنە سەر کارەکتەری ڕۆمانەکە بێت، ڕۆمانەکەی بە ناوی کارەکتەرەکەیەوە ناو دەنێت وەک ڕۆمانی (باوکە گۆریۆ)ی بەلزاک یان ئەگەر زیاتر مەبەستی کات و سەردەم یان ڕووداوێکی گرنگی ناو ڕۆمانەکەی بێت ئەوە ڕۆمانەکە بەو ناوە ناوزەد دەکات وەک ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)ی گابریل گارسیا مارکیز.

لە تەوەرەی داهاتوودا هەوڵ دەدەین لە ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕۆمانی (کاولاش) و (سۆناتای ڕۆح)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج) وردبینەوە و ڕەنگدانەوەی میتاگێڕانەوە لەسەر ناونیشانی ئەم دوو ڕۆمانە دەستنیشان بکەین.

**تەوەری سێیەم: میتاگێڕانەوەی ناونیشان لە هەردوو ڕۆمانەکەدا**

**أـ میتاگێڕانەوەی ناونیشان لە ڕۆمانی (کاولاش)دا**

ئەم ڕۆمانە یەکەم ڕۆمانی ڕۆماننووسە بە شێوازی میتاگێڕانەوە گێڕدراوەتەوە. ناونیشانی (کاولاش) ناونیشانێکی و لێکدراوە لە دوو بەش پێکهاتووە:




کاول: هەروەک لە ناوەکەی دیارە شوێنێکی خاپوورکراو و وێرانە. هەروەک لە هەنبانە بۆرینەدا هاتووە بە واتای " وێران، چوار دیواری سەرنەگیراو" (شرفکندی(هەژار)،1381: 608) .

ئاش: ئەو دەزگایەیە کە گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دیکەی پێ دەهاڕن و دەیکەن بە ئارد. هەندێک جاریش ئاش بە مەبەستی شوێنی ئاشەکەش ئاماژەی پێدەکرێت. واتە ئەو شوێنەی کە ئاشەکەی لێیە.

کە لەم ناونیشانە ورد دەبینەوە، سەرنجی ئەوە دەدەین، ئەگەر مەبەستی ڕۆماننووس (ئاشێکی کاول) بێت دەبوایە لە ناونیشانی ڕۆمانەکە بەپێی ڕیزبەندیی ڕێزمانی کوردی کە ناو لە پێش ئاوەڵناو دێت (ناو+ ئاوەڵناو) بینووسیبایە (ئاش کاول) یان (ئاشی کاول)، بەڵام ڕۆماننووس شوێنی ناو و ئاوەڵناوی گۆڕییەوە و کردوویەتی بە (کاولاش).

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەدوای واتای وشەی (کاولاش) لەناو فەرهەنگەکاندا بگەڕێین دەبینین هەڵگری واتای تایبەت بە خۆیەتی. وشەی (کاولاش) لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) بە هەر دوو ڕێنووسی (کاولاش) و (کاڤلاش) هاتووە و بەواتای ((خانووی کە بۆ ئاش چێکراوە، بریتییە لە خانووی ئەوی بچووکی فەقیرانە)) (شرفکندی(هەژار)،1381: 602). کەواتە دەکرێ ڕۆماننووس بۆ ئەم واتا و مەبەستەش بەکاری هێنابێت.

ئەم فرەواتاییەی ناونیشان خۆی لە خۆیدا وا لە خوێنەر دەکات، لە یەکەم بینینی ناونیشانی ڕۆمانەکەوە، چەندین واتا و لێکدانەوەی لە لا دروست ببێت، ئەگەرچی بەم واتا و لێکدانەوانە ناگاتە ئەنجام، مەگەر بە خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکە نەبێت.

میتاگێڕانەوە بوونی ئەم ناونیشانە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت. ڕۆماننووس بۆ ئەوەی زانیاریی لەبارەی ناونیشانەکەی بە خوێنەر بدات، چەند جارێک لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا ناونیشانەکەی بەکار هێناوە، بەڵام هەرجارە بە مەبەستێک، تا وردە وردە لە کۆتاییی ڕۆمانەکە خوێنەر لە واتا و مەبەستی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانە تێ دەگات.

خوێنەر بۆ یەکەمجار لە لاپەڕە (٥٢)ی ڕۆمانەکەدا ناونیشانی ڕۆمانەکە دێتە پێش چاوی "باوکم بە خەندەوە پلاری لە بلەی هاوڕێی گرت و گوتی: (کەوابوو.. بۆ هەڵتەک هەڵتەک پەل کێشت کردووم بۆ ئەم کاولاشە؟)" (سەڕاج، 1997: 52) . لێرەدا ڕۆماننووس کاولاش بە مەبەستی ئەو خانووەی کە بۆ ئاش دروست کراوە، بەکار هێناوە و دەست بە وەسفی دەوروبەری ئەو شوێنە دەکات، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا مەبەستی نووسەر ئەمەیە؟

ڕۆماننووس چەند جارێکی دیکە ناونیشانی ڕۆمانەکەی لەناو ڕۆمانەکەدا باس کردووە و هەر جارە واتایەکی پێ بەخشیوە. لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس (کاولاش) بەواتایەکی دیکە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: " کەواتە ئاو... هەموو شتێکە و ئاوەدانی دەخاتەوە. ئاو لە ئاش بڕڕا، کاولاش ش ش ش دەکەوێتەوە"(سەڕاج، 1997: ٥٨) . لێرەدا مەبەستی ڕۆماننووس دەگۆڕێت و ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستی خۆی دەرنابڕێت. لێرەدا مەبەست لە (کاولاش) ئاشێکی کاولبوو یان بەگشتی شوێنێکی کاولبوو و وێرانە. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆماننووس (٧) جار ئەم ناونیشانەی لە ڕۆمانەکەیدا بەکار هێناوە، لە بەشێکی زۆری مەبەستی شوێنێکی وێران و خاپوور کراوە.

(کاولاش) ناونیشانێکە، نیشانەی میتاگێڕانەوەی تێدا ڕەنیگداوەتەوە، چونکە ڕۆماننووس لە ڕێگەی خوازەوە ئاماژە بە کاولبوون دەکات. (ئاش) واتە شوێنێکی ئاوەدان، کە پێویستی خەڵکی گوند دابیندەکات و دانەوێلەکانیان

دەهاڕێت. (کاول بوون) ئاماژەیە بە شوێنێک کە ژیانی تێدانییە و بۆ ژیان ناشێت، کەواتە ئەم ناونیشانە ڕێگە بە خوێنەر دەدات، بیر لەوە بکاتەوە هۆشیارییەکی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەک لە نێوان دەق و خوێنەر دروست بکات، چونکە دیارە ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگای ئەم ناونیشانەوە ڕەخنە لە کۆمەڵە شتێک بگرێت و خوێنەری لێ ئاگادار بکاتەوە.

بە گوێرەی خوێندنەوەمان بۆ دەقی ڕۆمانی (کاولاش) مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە ئەگەر وڵاتێک سەرکردەیەکی دڵسۆز و ژیری نەبێت، بەرەو ڕێگای سەرکەوتن ڕابەرایەتیان بکات، وڵاتەکە کاول دەبێت وەک ئەو ئاشەی، دوای مردنی خولەی ئاشەوان، کە باوکی چیمەن بوو کەس نەبوو، ئاشەکە بەڕێوە ببات. بۆیە ئاشەکە بووە بە کاولاش.

ئەم ڕۆمانە دابەشی سەر پێنج پار کراوە، ناونیشانی پێنج پارەکە بە شێوەی یەک لەدوای یەکەوە بەم شێوەیە: (پاییزستان، زستان، بەهارستان، تاوستان، چیمەنستان). لێرەدا دەتوانین بڵێین: ئەم پێنج پارە، کە کۆی ڕۆمانەکە پێک دەهێنن، میتاگێڕانەوە بوونی ئەم ڕۆمانە دەسەلمێنن.

پاری یەکەم بە ناونیشانی یەکێک لە وەرزەکانە ئەویش پاییزە، کە ڕۆماننووس ناوی (پاییزستان)ی بۆ ئەم پارە بەکار هێناوە. لە دوو ڕوانگەوە دەکرێت باسی ئەم ناونیشانە بکرێت. یەکێک ئەوەیە کە بە خوێندنەوەی ئەم پارە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕووداوانەی لەم پارە ڕوو دەدەن لە وەرزی پاییزی گوندی چیمەن ڕوو دەدەن. دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ناونانە بۆ ئەم بەشە ئەمە بێت. میتاگێڕانەوەبوونی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بگێڕەوە لەسەر زمانی (هیوا)ی کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە، کە لە ڕاستیدا ڕۆڵی ڕۆماننووسێک دەگێڕێتەوە کە خەریکە ڕۆمانێک لەبارەی گوندی چیمەن و ڕووداوەکانی دەنووسێت، ڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەڵێت: **"بەهەر حاڵ، وەرزێکم دیاری کردووە، ئەویش پاییزە، بۆ ئەوەی ڕوو لە چیمەنی دڵم بکەین، چونکە گوندییان لەو وەرزەدا گشت هەستەکانیان لە چاویاندا، کۆ دەکەنەوە و بەسۆز و پاڕانەوە، هەڵدەنۆڕێنە تەوێڵی ئاسمانی میهرەبان" (سەڕاج، ١٩٩٧: ١٠)**. لە کۆتایی ئەم پارەش دیسان گێڕەرەوە لەسەر زاری (هیوا) باسی کۆتایی هاتنی ئەم پارە دەکات و دەڵێت: **"ئێرە، کۆتایی پاییزەکەمە" (سەڕاج، ١٩٩٧: ٥٤)**، واتە خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم پارە بە ناونیشانی پاییز کۆتایی پێ هات و لە پاری دووەم باسی وەرزێکی دیکە دەکەین.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆماننووس ئەم ناونیشانەی وەک هێمایەک بۆ پارچەیەکی کوردستان بەکار هێناوە، ئەم مەبەستەی ڕۆماننووس تا کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکە خۆی بە دەستەوە نادات، لە کۆتاییدا خوێنەر لەوە ئاگادار دەبێتەوە کە مەبەستێکی دیکەی ڕۆماننووس لە (پاییزستان) چییە.

ڕۆماننووس ناوی (زستان)ی وەک ناونیشانێک بۆ پاری دووەم هەڵبژاردووە و لەم ڕێگەوە باسی تایبەتمەندیی وەرزی زستان لە گوندی چیمەن دەکات. لە هەمان کاتیش ئەو ڕووداوانەی کە لەم تەوەرە دەگێڕدرێنەوە لە ڕووی کاتەوە باسی وەرزی زستانی گوندی چیمەن دەکات، هەروەک لە نموونەیەک هاتووە: **"شەو بەفرێکی زۆر خستبووی. زەوی یان قولانجێک لە ژێر بەفردا، بە گرانی هەناسەی دەدا" (سەڕاج، ١٩٩٧:٦٥)**

پاری سێیەم بە ناوی وەرزێکی دیکەی ساڵ کە ئەویش (بەهار)ە ناونراوە، ڕۆماننووس ناونیشانی (بەهارستان)ی بۆ ناونیشانی ئەم پارە هەڵبژاردووە. هەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا گێڕەرەوە لەسەر زاری (دایکی هیوا) وەسفی وەرزی بەهار لە گوندی چیمەندا دەکات و دەڵێت: **"بەهار وەرزی پەپوولانە، لە گشت لایەکدا خۆی دەردەخست، بەتایبەتی گوڵاڵە سوورە لەو تەختاییەی کانی ژناندا مافوورێکی دەسچنی ڕەوەندەکانی ڕادەخست..." (سەڕاج، ١٩٩٧: ١٠٥)** کە ئەمە پەیوەندیی نێوان ناونیشانی ئەم بەشە و ناوەڕۆکی ئەم بەشە لە لای خوێنەر ڕوون دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە لەم بەشەدا باسی وەرزی بەهار و ڕووداوەکانی ئەم وەرزەی گوندی چیمەن دەکەین.


پاری چوارەمی ئەم ڕۆمانە بە ناونیشانی (تاوستان)، باسی وەرزی تاوستان یان هاوینی گوندی چیمەن دەکات. وەک لە نموونەیەکدا هاتووە: **"عالەم لە ژێر خەرمانی**

**ئەستێرەی ئەو تاوستانە شەوەدا بێدەنگ بوون. هەبوو خەونی دەدی. هەبوو خەوی زڕا بوو" (سەڕاج، ١٩٩٧: ١٦١).**

مەبەستی ڕۆماننووس لە (چیمەنستان) ناونیشانی پاری پێنجەم، هەمان نیشتمان، یان کوردستانە. لێرەدا ڕۆماننووس هەر چوار پارچەی کوردستان کە بە ناوەکانی (پاییزستان و زستان و بەهارستان و تاوستان) هەروەک چوار وەرزی ساڵ لە پارەکانی پێشوو ناونابوو، بە یەکتر دەگەیەنێت و لەم بەشە ناوی چیمەنستانیان لێ دەنێت، واتە کوردستانی گەورە. هەروەک دەڵێت: "**باوەش لە چوار بەشە دابڕاوەکەی چیمەنستان بدەین و لێکیان توند بکەین[...] ئۆخەی ئەمێستا خاوەنی چیمەنستانی گەورەین" (سەڕاج، ١٩٩٧: ٢٧٤)** لەم ڕۆمانەدا ناونیشانە لاوەکییەکان پەیوەندییەکی توند و بەهێز لە نێوانیاندا هەیە و ڕۆماننووس هەوڵی داوە لە بچووکترین بەش کە چوار پارچەی کوردستانە، کوردستانی گەورە دروست بکات، کە ناوی ناوە چیمەنستان و لە ناونیشانی سەرەکی پێمان دەڵێت ئەم چیمەنستانە بووەتە کاولاش، واتە بە دەربڕینی بۆچوونێکی ڕەخنەیی لە ناونیشانەکەیدا، تایبەتمەندیی میتاگێڕانەوە بە ناونیشانی ئەم ڕۆمانەدا بەخشیوە.

**ب ـ میتاگێڕانەوەی ناوونیشان لە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح) دا:**

(سۆناتای ڕۆح) ناونیشانێکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێکهاتووە کە ئەوانیش:




وشەی (سۆناتا) کە "ئینگلیزی (sonata) یە و لە لاتینی و ئیتاڵییەوە وەرگیراوە، سۆنەیر(لە مۆسیقادا) شتێکە کە دەنگبداتەوە، بە واتای پارچە مۆسیقایەک دێت کە لێدەدرێت" (سۆناتا - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد (wikipedia.org))

وشەی (ڕۆح)یش، واتایەکی دیاری هەیە. واتە "گیانی گیاندار" (شرفکندی(هەژار)،١٣٨١: ٣٥٠) یان ئەو گیانەی، بە بێگیان دەدرێت بۆ ئەوەی گیاندار بێت و بژیت. کەواتە، هەردوو وشەکە پێکەوە، واتە (سۆناتای ڕۆح) بە واتای (دەنگدانەوەی ڕۆح) یان (زایەڵەی ڕۆح) دێت.

تێگەیشتن لە ناونیشانی (سۆناتای ڕۆح) لە یەکەم بینین بۆ خوێنەر تارادەیەک ئاسان نییە و خوێنەر بە یەکەم بینین ناتوانێت مەبەستی ڕۆماننووس لەم ناونیشانە تێ بگات، بە تایبەتی ئەگەر خوێنەر نەزانێت سۆناتا ناوێکە لە بواری مۆسیقادا بەکار دێت و هەڵگری واتایەکی تایبەت بەم بوارەیە، لێرەدا ڕۆماننووس بیری لە خوێنەرێکی ئاست بەرز لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانیارییەوە کردووەتەوە.

بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەبینین، لە نێوان ئەم ناونیشانە و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا پەیوەندییەکی گونجاو هەیە و لەگەڵ ناوەڕۆک و مەبەستی ڕۆمانەکە تەبایە. لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری ڕۆمانەکە، خۆی ڕۆماننووسە و هەوڵی نووسینی ڕۆمانێک دەدات و هەوڵ دەدات کارەکتەرێک بئافرێنێت و ئەرکی دۆزینەوەی جیهانێکی پێ بدات، بەڵام ئەو کارەکتەرە قبووڵ ناکات، بۆیە بەناچاری خۆی ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە لە ئەستۆ دەگرێت. ناونیشانی (سۆناتای ڕۆح) لە لایەن ڕۆماننووسەوە لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا دووجار بەکار هاتووە، زیاتر دۆناودۆنکردنە لەگەڵ ڕۆحی ئەو زاتانەی مەبەست بووە و کەوتووەتە قسەکردن لەگەڵیان. بۆ نموونە دەڵێت: "**سووک و سانا خزامە ناو جەستەم و دەستم کردە هەڵدانەوەی بەڕەکانی (سۆناتای ڕۆح)" (سەڕاج، ٢٠٠٥: ٦٢)** لێرەدا بۆ یەکەمجار ناونیشانی ڕۆمانەکە لە ناو دەقی ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە پێش چاوی خوێنەر و خوێنەر دەزانێت مەبەستی ڕۆماننووس لە (سۆناتای ڕۆح) چییە. هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا جارێکی دیکە ناوی ناونیشانەکە لە ناو دەقەکە دووبارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوی خوێنەر ڕوون بکاتەوە. وەک دەڵێت: **"ئەز چاو کراوە و ڕۆح کراوەم ئا بە ئاسانی چوومەوە ناو لەشم و کەوتمە هەڵدانەوەی پەڕەکان. دووبارە و سێ بارە بە سۆناتاکانی ڕۆحدا چوومەوە" (سەڕاج، ٢٠٠٥: ٦٢).** لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری سەرەکی بە ناو ڕۆحی چەند کەسێکدا دەچێت و دەکەوێتە قسە و گفتوگۆکردن

لەگەڵیانـدا. ڕۆحـی کیاکسـار و پیرەمێـرد و زارا و لەشـکری و چەندیـن کـەسی دیکـە. مەبەسـتی ڕۆماننـووس لـەم ناونیشـانە تەنیـا مەبەسـتە رووکەشـەکەی نییـە، واتـە سـۆناتای ڕۆح لـە لایـەن ڕۆماننووسـەوە بـە مەبەسـتی دەنگـی ڕۆح بـەکار نەهاتـووە، بەڵکـو مەبەسـتی ڕۆماننـووس (دۆنـاودۆن) کردنـە لەگـەڵ ڕۆحـی ئـەو کەسـایەتییانەی کـە هـەر یەکێکیـان لـە مێـژووی کـورددا ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـووە و بـەردەوام بـە کارەکانیـان هەوڵیـان داوە کـورد بـەرەو پێشـەوە ببـەن و لـە دۆسـت و دوژمـن ئاگاداریـان بکەنـەوە. هـەر بـۆ ئـەم مەبەستە کارەکتـەری ڕۆمانەکـە هەرجـارە لەگـەڵ ڕۆحـی یەکێـک لـەو کەسـایەتییانە دۆنـاودۆن دەکات و ئامـاژە بـەوە دەکات، ئـەم کەسـایەتییانە و تەنانـەت منیـش، واتـە ڕۆماننـووس، پێکـەوە هەڵگـری پەیامێکیـن و بـۆ ئامانجێـک هاتوویـن. ئـەم ناونیشـانە هەڵگـری دەلالەتێکـی ڕەخنەییـە، لێـرەدا مەبەسـتی ڕۆماننـووس لـە ڕۆح، ڕۆحـی کوردایەتییـە و هـەوڵ دەدات بـە گەڕانـەوە بـۆ هێـما مێژووییـەکانی کـورد ئـەو ڕۆحـە کوردایەتییـەی کـە ئێسـتا نەمـاوە یـان کاڵ بووەتـەوە بـە بیـری تاکـی کـورد بەگشـتی و سـەرکردەکانی کـورد بەتایبەتـی بهێنێتـەوە و لـە ڕێـگای ئـەم دۆناودۆنـە ڕەخنەیـان ئاراسـتە بـکات و داوایـان لـێ بـکات بەخۆیانـدا بچنـەوە.

ئـەم ڕۆمانـە بەسـەر شـەش بەشـدا دابـەش کـراوە و هـەر بەشـێک ناونیشـانی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ناونیشـانە لاوەکییـەکان پێـک دەهێنـن. بـەشی یەکـەم بەنـاوی (بێنـاو) ناونـراوە. لێـرەدا مەبەسـتی ڕۆماننـووس ئـەو کارەکتەرەیـە، بـە تەمـا بـوو ئـەم ئەرکـی گـەڕان و دۆناودۆنـەی پـێ ببەخشـێت، بـەڵام کارەکتەرەکـە دەترسـێت و ڕازی نابێـت ئـەم ڕۆڵـە ببینێـت، بۆیـە ڕۆماننـووس لیـێ تـووڕە دەبێـت و نـاوی لـێ نانێـت هـەروەک لـە دەقـی ڕۆمانەکـەدا هاتـووە: **"تـۆ کـەی ئـەو زەلامەیـت کـە ئەرکـی پیـرۆزی نەتەوەیـی و هێماییـت بـە کۆڵـدا بـدەم!! ڕەچەڵەکتـم دەنـاسی بۆیـە نـاوم لێنەنایـت" (سـەڕاج، ٢٠٠٥: ١٢).** بـەم شـێوەیە گێـڕەرەوە خـۆی ئـەم ئەرکـە لـە ئەسـتۆ دەگرێـت. میتاگێڕانەوەبـوونی ئـەم ناونیشـانە لەوەدایـە، ناونیشـانەکە نـووسراوە (بێنـاو) کاتێـک خوێنـەر ئـەم ناونیشـانە دەخوێنێتـەوە وا دەزانێـت کـە ئـەم بەشـەی ڕۆمانەکـە نـاوی نییـە، بۆیـە نـووسراوە (بێنـاو)

ئەمـە لەکاتێکـدا کـە (بێنـاو) لـە ڕاسـتیدا نـاوی کارەکتەرێکـی نـاو ڕۆمانەکەیـە و ڕۆماننـووس وەک سـزایەک بەرانبـەر بـە گوێڕایـەڵ نەبـوونی ئـەو کارەکتـەرە بـێ نـاوی کـردووە، بەمـەش واتـای میتاگێڕانـەوەی پـێ بەخشـیوە.

بـەشی دووەمـی ڕۆمانەکـە بـە ناونیشـانی (کیاکسـار) ە. لـە هـەر بەشـێک کـە بگێـڕەوە دۆنـاودۆنی لەگـەڵ کەسـایەتییەک کردبێـت نـاوی ئـەو بەشـە بـە نـاوی ئـەو کەسـایەتییەوە نـاو نـراوە. (کیاکسـار) نـاوی ئـەو کەسـایەتییەیە خوێنـەر بـۆ یەکەمجـار، کـە چـاوی بـەم ناونیشـانە دەکەوێـت نازانێـت مەبەسـتی ڕۆماننـووس چییـە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆماننـووس هەوڵـی داوە دەرفـەت بـۆ کیاکسـار بڕەخسـێنێت خـۆی بـە خوێنـەر بناسـێنێت و دەڵێـت: **"ئـەز کیاکسـارم، لـەوەچ و بنەماڵـەی ڕەسـەن زادەی فرائـورت و ئارپـاک، کـەوا ئەکباتانـای کـردە دەربـار و پێتەختـی مـاد و گشـت خێـڵ و هـۆز و سـتراپ نشـینەکانی لـە خـۆی نزیـک کـردەوە، لـە لوویـی و کاردۆخـی و گـوتی و کاسی و ئـەوانی دی" (سـەڕاج، ٢٠٠٥: ٢٤).** لـەم ڕێگایـەوە خوێنـەر بـۆی ڕوون دەبێتـەوە کیاکسـار کێیـە و ئەگـەر زانیارییەکـی ئەوتـۆی لەسـەری نەبـوو لـەم ڕێگایـەوە زیاتـر دەیناسـێت و دەزانێـت لـە سـەردەمی خۆیـی و لـە مێـژوودا لـە پێنـاو کـورددا چـی کـردووە.

بـەشی سـێیەمی ڕۆمانەکـە بەناونیشـانی (لەشـکری) ە. خوێنـەر ئـەو کاتـە دەزانێـت (لەشـکری) کێیـە کـە شـارەزاییەکی تـەواوی لـە مێـژووی میرنشـینی سـۆران هەبێـت. ڕۆماننـووس زانیارییەکـی تـەواو لـە ڕێـگای گفتوگۆکـردنی نێـوان گێـڕەرەوە و لەشـکری بـۆ خوێنـەر دەخاتـە ڕوو:

**"ـــ بەوە دەچێ، (لەشکری بیت)!!**

**بەسەر ڕاوەشاندن، لایەنگری بۆچوونەکەم بوو....**

**پێـم گۆتـەوە: تـۆ کـە شـایەنی خۆشـخوانی سـلێمان بەگـی قـولی بەگیـان بوویـت، ئەگـەر ئـەو خیانەتـەت لـێ نەکردایـە قـەت تـووشی ئـەم سـزا ڕەشـە دەهـاتی؟! [...]**

**ـــ ئـەوە بـە فیـت و دەسیسـەی عوسـمانلی، تـووشی ئـەو هەڵەیـە بـووم، گوایـە سـلێمان بکـوژم خانـزادم لـێ مـارە دەکـەن، وەلی سـەد مخابـن...**

**بـە تونـدی گوتـم: خانزادیـش لـە تولـەی ئـەو کەڵـە پیـاوەدا، تـۆی لـە چینـەی بـەرد گـرت" (سـەڕاج، ٢٠٠٥: ٤١).**

لــە ئەنجامــی ئــەم گفتوگۆیــە بــەوە دەگەیــن، (لەشــکری) بکــوژی (ســلێمان پاشــای ســۆران)ە و گێــڕەرەوە دۆنــاودۆنی لەگەڵــدا کــردووە.

بــەشی چوارەمــی ڕۆمانەکــە بەناونیشــانی (حاجــی) ناونــراوە. مەبەســت لــە (حاجــی) شــاعیری کــورد (حاجــی قــادری کۆیــی) ە. ئەمجــارە گێــڕەرەوە دۆنــاودۆن لەگــەڵ ڕۆحــی (حاجــی) دەکات: **"وەک بیناســم وایــە. پەرتوکێکــی بــە دەســتەوە بــوو، بــە ئــاوی زێــڕ لــە ســەر بەرگەکــەی نووسرابــوو (حاجــی قــادری کۆیــی) دڵنیــا بــووم کــە ئــەو زاتەیــە کــە نەســتم هێناویەتیــە بـــەر زەینـــم" (ســـەڕاج،٢٠٠٥: ٥١).** مەبەســـت و ئامانجـــی ڕۆماننـــووس لـــە هێنـــانی نـــاوی (حاجـــی) لای خوێنـــەر ڕوون دەبێتـــەوە. ڕۆماننـــووس (حاجـــی)ی وەک هێـــما و دەلالەتێـــک بـــۆ هەســتی بـــەرزی نیشـــتمانپەروەری بـــەکار هێنـــاوە.

بـــەشی پێنجەمـــی ڕۆمانەکـــە بەنـــاوی (زارا)یـــە. ئـــەم ناونیشــانە دەکرێــت لــە لایــەن خوێنــەرەوە هەڵگــری چەنــد مەدلوولێـــک بێـــت. (زارا) ناوێکـــی تایبـــەت بـــە ئافرەتـــە و دەکرێـــت ڕۆماننـــووس مەبەســـتی ئـــەوە بووبێـــت، ئـــەم کارەکتـــەرە نوێنەرایەتیـــی هەمـــوو ئافرەتێـــک بـــکات. (زارا) لــەم بەشــەی ڕۆمانەکــەدا کارەکتەرێکــی پیــرۆز و نوورانییــە هــەروەک لــە دەقــی ڕۆمانەکــەدا هاتــووە: **"زارام ئــەو زارایــەی پەیامبــەران لــە هــزر و سروودی ئاڤێســتا و زەنــدی منــەوە پەیـــام و بێخـــی ئایینەکانیـــان دارشـــتووە" (ســـەڕاج، ٢٠٠٥: ٦٠).** واتــە (زارا) فریشــتەیەکە و لەگــەڵ ڕۆحــی کارەکتــەری ڕۆمانەکــەدا دۆنــاودۆنی کــردووە و توانــای فڕینــی پــێ داوە و داوای لــێ کــردووە هەمــان پەیامــی زەردەشــت کــە هــزری بــاش و گوتــەی بــاش و کــرداری باشــە بــڵاو بکاتــەوە.

بــەشی شەشــەمی ئــەم ڕۆمانــە بــە ناونیشــانی (ڕۆژبەهــی ڕۆژبەیــان "ســەلمانی پــاک") ناونــراوە. لــەم بەشــەدا کارەکتــەر دەستنووســێکی (ســەلمان پــاک) بەدەســت دەهێنێــت و تێــدا (ســەلمان پــاک) بــاسی ژیــانی خــۆی لــە منداڵــی تــا ئــەو کاتــەی بــە دیــداری پیغەمبــەر(د.خ) شــاد دەبێــت، بــاس دەکات. واتــە کارەکتــەر دەبێتــە هۆکارێــک بــۆ ناســینی (ســەلمان پــاک) بــە خوێنــەر. لــەم بەشــەدا کارەکتــەر لەگــەڵ ڕۆحــی (ســەلمان پــاک)دا دۆنــاودۆن نــاکات، بەڵکــو تەنیــا لــە ڕێــگای خســتنە ڕووی دەستنووســەکەیەوە هــەوڵ دەدات بەشــێک لــە ڕابــردووی ئــەم میللەتــە بــە بیــری خوێنــەر بهێنێتــەوە.

لــە کۆتاییــی ئــەم ڕۆمانــەدا دەتوانیــن بڵێیــن: ناونیشــانە لاوەکییــەکان پەیوەندییەکــی پتــەو لــە نێوانیانــدا هەیــە و هــەر هەمــوو ناونیشــانە لاوەکییــەکان لــە نــاو ناونیشــانە سەرەکییەکەدا کــۆ دەبنــەوە بــۆ گەیانــدنی پەیــام و مەبەســتی ڕۆماننــووس و دواجــار خزمــەت بــە ڕەوت و بازنــەی گشــتی ڕۆمانەکــە دەکات، لەگــەڵ ئەوەشــدا ڕێگەیەکــی هونــەری و شــێوازێکی تایبــەتی (عەبدوڵــڵا ســەڕاج)ە بــۆ چۆنیــەتی پراکتیزەکــردنی میتاگێڕانــەوە لەنــاو ڕۆمانەکانیــدا.

**ئەنجام:**

١. ناونیشـــان لـــەم ڕۆمانانـــەدا، ڕۆڵـــی دەقـــی هاوتەریـــب دەگێڕێـــت کـــە بەشـــێکی گرنگـــی دەروازەکانی دەق پێـــک دەهێنێـــت و کارلێکـــی واتایـــی لەگـــەڵ ناوەڕۆکـــی دەقەکانـــدا دروســـت دەکات و بووەتـــە دەروازەیەکـــی ســـەرنجڕاکێش بـــۆ خســـتنە ڕووی بەشـــێک لـــە میتاگێڕانـــەوەکانی نـــاو ئـــەم دوو ڕۆمانـــە.

٢. ڕۆماننــووس لــە هــەر دوو ڕۆمانی (کاولاش) و (سۆناتای ڕۆح) هــەر دوو جــۆری ناونیشــانی ســەرەکی و لاوەکــی بەکارهێنــاوە و زۆرتریــن ئەرکــی خســتۆتە ئەســتۆی ناونیشــانەکانی. بــە واتایەکــی دیکــە میتاگێڕانــەوەی ناونیشــان یەکێکــە لــە جــۆرە دیــارەکانی میتاگێڕانــەوە لــەم دوو ڕۆمانــەدا، تەنانــەت هەندێــک جــار بنیــاتی گێڕانەوەکانیــان لەســەر دامــەزراوە.

٣. لــە ناونیشــانی هــەردوو ڕۆمــانی (کاولاش) و (سۆناتای ڕۆح) نادیــاری لــە ناونیشــانەکان هەیــە، واتــە خوێنــەر بــە بینیــن و خوێنــدنی یەکەمــی ناونیشــانەکان ناتوانێــت لــە مەبەســت و واتــای ناونیشــان بــگات. ئەمــەش چالاکــی و بیرکردنــەوە و ئامادەیــی خوێنــەر لــە ڕۆمانەکــەدا پیشــان دەدات.

٤. لــە ڕۆمــانی (کاولاش) ڕاســتەوخۆ ناونیشــانی ڕۆمانەکــە لــە نێــو دەقــی ڕۆمانەکەدا(٧)جــار بــەکار هاتــووە و لــە ڕۆمــانی (سۆناتای ڕۆح)یــش ڕاســتەوخۆ ناونیشــانی ڕۆمانەکــە لــە دەقــی ڕۆمانەکــەدا (٢)جــار بــەکار هاتــووە. ئەمــەش بەڵگــەی ئــەوەن نووســەر بەئاگاییــەوە و بــۆ مەبەســتی تایبــەت ئــەم کارەی کــردووە، بەشــێک لــە میتاگێڕانەوەکانیــشی لــەم ڕێگەیــەوەن.

٥. ناونیشـــانی ڕۆمـــانی (کاولاش) هەڵگـــری ڕەهەندێکـــی

هوشـیارییە بـۆ خوێنـەر بەگشـتی و تاکـی کـورد بەتایبـەت و خوێنـەر لـەوە ئـاگادار دەکاتـەوە کـە ئەگـەر هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان یـەک نەگرنـەوە و کوردسـتانێکی یەکگرتـوو دروسـت نەکـەن، ئـەوە وڵات بـەرەو کاولبـوون دەچێـت.

٦. ناونیشـانی ڕۆمـانی (سـۆناتای ڕۆح) هەڵگـری ڕەهەندێکـی ڕەخنەییـە و لێـرەدا مەبەسـتی ڕۆماننـووس زیندووکردنـەوەی ڕۆحـی کوردایەتییـە بـە گەڕانـەوە بۆهێـما مێژووییـەکانی کـورد و بەخۆداچوونـەوەی تاکـی کـورد.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


١.ئەسـوەد، نـەوزاد ئەحمـەد(٢٠٠٦)، ئەزمـوونی خوێندنـەوە چەنـد لاپەڕەیەکـی ڕەخنەیـی، چاپـی یەکـەم، چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی.

٢. ئەڵـوەنی، نەجـم خالیـد(٢٠١٢)، جـۆرەکانی دەقئاوێـزان لـە ڕۆمـانی (پێنجەمیـن کتێـب)ی جەبـار جەمـال غەریبـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانەی کەمـال، سـلێمانی.

٣. شرفکندی(هـەژار)، عبدالرحمـن(١٣٨١)، هەنبانـە بۆرینـە (فرهنـگ کردــــ فـارسی)، چـاپ سـوم، انتشـارات سروش، تهـران.

٤. سـەڕاج، عەبدوڵـڵا (١٩٩٧)، کاولاش، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

٥. سـەڕاج، عەبدوڵڵا(٢٠٠٥)، سـۆناتای ڕۆح، چاپـی دووەم، چاپخانە(بـێ نـاوی چاپخانـە)، سـلێمانی.

٦. مەنتـک، حەمـە (٢٠٢١)، ئارکیۆلۆژیـای پۆلێنـی ڕۆمـانی کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سلێمانی.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


٧. أشـهبون، عبدالمالـك (٢٠١١)، العنـوان في الروايـة العربيـة،، الطبعـة الأولى، محـاكاة للدراسـات و النـشر و التوزيـع ، دمشـق.

٨. لأحمـر، فيصـل (٢٠١٠)، معجـم السـيميائيات، الطبعـة الأولى، الـدار العربيـة للعلـوم نـاشرون، الجزائـر.

٩. إيكـو، أمبرتـو(٢٠٠٩)، آليـات الكتابـة السرديـة، ترجمـة و تقديـم: سـعيد بنكـراد، الطبعـة الأولى، دار الحـوار للنـشر و التوزيـع، لاذقيـة، سـورية.

١٠. برنـس، جيرالـد (٢٠٠٣)، المصطلـح الـسردي، ترجمـة: عابـد خزنـەدار، ترجمـة و النـشر للمجلـس الأعـلى للثقافـة، الطبعـة الأولى، قاهـرة.

١١. بلعابـد، عبدالحـق (٢٠٠٨)، عتبـات (جـيرار جينيـت مـن النّـص إلى المنـاص)، الطبعـة الأولى، الـدار العربيـة للعلـوم نـاشرون، بـيروت.

١٢. حمـداوي، جميـل (٢٠١٦)، شـعرية النـص المـوازي (عتبـات النـص الأدبي)، الطبعـة الثانيـة، تابـع الجديـد و الحـصري عـلى شـبكة الألوكـة.

١٣. وايلـز، كاتي (٢٠١٤)، معجـم الأسـلوبيات، ترجمـة: خالـد الأشـهب، الطبعـة الأولى، بـيروت.

١٤. يقطـين، سـعيد (٢٠١٢)، قضايـا الروايـة العربيـة الجديـدة، دار الأمـان، الطبعـة الأولى، رباط.


سەرچاوە فارسییەکان:


١٥. پاترشـياوو، فراداسـتان (١٣٩٧)، ترجمـەی: شـهريار وقفـی پـور، چـاپ دوم، نـشر چشـمە، تهـران.


سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


16. Hornby, A.S(2004), Oxford Dictionary, Danesh publisher, Teheran.

17. Genette, Gerard(1997), Para texts: thresholds of interpretation, Translated by: Janee.Lewin, published by university of Cambridge, New York.


### سەرچاوەی ئینتەرنێت:


١٨. سـۆناتا - ویکیپیدیـا، ئینسـایکلۆپیدیای ئـازاد (wikipedia.org) ١٦:٤٨ی ٤ی شـوباتی ٢٠٢٢ نـوێ کراوەتـەوە.

## الملخص

**الميتاسردية للعنوان في روايات (كاولاش) و (سوناتا الروح)**

مـا وراء الـسرد هـو أحـد تراكيـب وخصائـص قصـص وروايـات مـا بعـد الحداثـة. يظهـر مـاوراء الـسرد في الروايـة بعـدة طـرق و أشـكال و يمكـن أن ينعكـس عـلى جميـع مسـتويات النـص مثـل: (مسـتوى مـا قبـل النـص ، مسـتوى النـص، مسـتوى مـا بعـد النـص). في هـذا البحـث، سـنناقش العنـوان كأحـد الأجـزاء المكونـة لمسـتوى مـا قبـل النـص.

العنـوان هـو هويـة أي نـص ويعتبربوابـة لأي نـص ، لذلـك يجـب اختيـاره فنيـاً وعـلى الكاتـب بشـكل عـام والـروائي بشـكل خـاص أن يتعامـل مـع هـذا الجـزء مـن النـص بعنايـة و وعـي. (عبـد اللـه سراج) مـن الروائيـين الذيـن تعكـس رواياتهـم مـاوراء الـسرد، نحـاول في هـذه الدراسـة أن نعـرض وجـود مـاوراء الـسرد في عناويـن روايتيـه كاولاش و سـوناتا الـروح.

الكلمات المفتاحية: ما وراء السرد ، ما بعد الحداثة ، العنوان ، رواية كاولاش ، رواية سوناتا الروح.



## Abstract:

**The title's metanarrative in the novels (kawlas)& (sonata of the soul)**

Meta-narrative is one of the structures and characteristics of postmodern stories and novels. Meta-narrative appears in several ways and forms in the novel and can be reflected at all levels of the text such as: pre-text level, post-text level, post-text level. In this study, we will discuss the title as one of the constituent parts of the pre-text level. The title is the identity of any text and is considered as a gateway to any text, so it must be chosen artistically and the writer in general and the novelist in particular must deal with this part of the text carefully and consciously. Abdullah Saraj is one of the novelists who tries to reflect this phenomenon in his novels, which of course has its own purpose and goal. In this paper, we try to explain the meta-narrative nature of the titles of the novelist's two novels, Kaulash and Sonata of the Soul, and how meta-narrative is reflected in the titles of his novels.

Keywords: metanarrative, postmodernism, title, Kaulash novel, soul sonata novel.